## هەواڵو چالاکی

لە میانی کاروچالاکیەکانی سەندیکاکەمان، ئەمڕۆ سێشەممە ڕێکەوتی (2022/6/21)، نەقیبی سەندیکاکەمانو ئەندامی بۆردی (ACI)ی چاپتەری کوردستان، بەڕێز عبدالرحمن علی کوردە، بەشداری کۆبوونەوەیەکی شاندێکی بۆردی چاپتەری کرد کە لە نووسینگەی ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری پرۆژەکان بەڕێز د. سەرباز نحیب عثمان ئەنجامدرا بە ئامادەبوونی بەڕێزان پرۆفیسۆر د. عمر قەرەنی، سەرۆکی چاپتەرو پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. دلشاد کاکەسوور، بەرپرسی پەیوەندیەکانو بریکارانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان، بەڕێزان ئەندازیاران (ئاگرین عبداللەو حکیم ولیا)، ئەندامانی بۆردی چاپتەرو لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێزان ئەندازیاران (ووشیار قادر، ب. گ. بەدواداچوونی پرۆژەکانو شماڵ قادر، ب. گ. پلاندانانو خاتوو سۆزان، ڕاوێژکار لە نووسینگەی سەرۆکی دیوان).

کۆبوونەوەکە، کۆمەڵێك بابەتو گفتوگۆی جۆراوجۆری لەخۆگرت سەبارەت بە کاروباری ئەندازەیی لە هەرێمی کوردستانو باسی هەندێ لە گیروگرفتەکانو ڕێگا چارەکان کرا لەوانەش مەرجو ڕێنماییەکانی مۆڵەتدانی بیناسازیو گرنگیو پێویستی پێداچوونەوە بەسەریاندا لەبواری کەرەستە بەکارهاتووەکانو کوالێتیەکانیان. بەڵام مەبەستی سەرەکی کۆبوونەوەکە، ناساندنی (ACI)ی چاپتەری کوردستان بوو بە بەرپرسانی حکومیو لە گفتوگۆو ڕوونکردنەوەکانی ئامادەبووانو بەتایبەتیش لەلایەن د. عمر قەرەنیو دواتر لە پریزێنتێیشنێکدا کە لەلایەن پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. دلشاد کاکەسوور پێشکەش کرا، تیشك خرایە سەر هەموولایەنەکانی ئەو چاپتەرەو دامەزراندنو پێکهاتەو چالاکیو ئامانجو گرنگیەکەیو بەرنامەکانی. ئەمەو ئامادەبووانی تری کۆبوونەوەکەش، هەریەك بە نۆرەی خۆی، دیدگاو سەرنجو تێبینیو پێشنیارەکانی خۆیان لەبارەی بابەتەکانەوە باس کرد. لە کۆتاییدا بەم چەند پێشنیارو ڕاسپاردانەی خوارەوە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات.

1. (ACI)ی چاپتەری کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە ڕەسمی بناسێندرێت کە مۆڵەتی کارکردنی لە ناوەندی سەرەکی (ACI)ی ئەمریکا وەرگرتووەو زەمینە خۆش بکرێت بۆ بەردەوامی کارەکانیو پاڵپشتی بکرێت بۆ چەسپاندنی وەك دامەزراوەیەکی زانستی ئەکادیمی کۆنکریت لە هەرێمی کوردستان.
2. هەماهەنگیو یەکخستنی جهودو کارکردنو دیدگاکانی تریش لەگەڵ ئەم چاپتەرە کە لە هەرێمی کوردستان ماوەیەك پێشووتر کاریان کردووەو لەلایەن حکومەتی هەرێم ڕاسپێردرابوون بە سەرپەرشتی (UNDP) لەسەر (Building Codes and Regulations)، ڕێنماییو کۆدی بیناسازی، بە مەبەستی پەرت نەبوونی جهودو توانا زانستیو پراکتیکیەکان لەم بوارەدا.
3. پاڵپشتی بکرێتو بوار برەخسێنرێ بۆ دیزاینەرو پسپۆڕو شارەزاو توانا لۆکاڵیەکانی خۆمانو گرنگیان پێبدرێت لە جیاتی بیانیەکان.
4. هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی کۆدەکانی (ACI) بۆ کارە کۆنکریتیەکان کە لەخۆگری تایبەتمەندیە ئینترناشناڵیەکانەو بە بەردەوامی خۆی ئەبدەیت دەکاتەوەو باشتر دەگونجێ لەگەڵ ئاووهەوای هەرێمەکەمان کە کۆدەکانی تر وەك (Euro Code) یان ئەوانەی لە عێراق لە ڕابردوودا بەکاردەهێنران کە تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (1983و1987)و ئەبدەیت نەکراونەتەوە.
5. نووسینگەو کۆمپانیا بیانیەکان کە لە هەرێم کاردەکەن پێویست بێت لەسەریان کە کۆدێکی ئینترناشناڵی گونجاو بەکاربێنن.
6. بە مەبەستی بە یاساییکردنی خاڵەکانی (3و4)ی سەرەوە، ئامادەکردنی درافتی پرۆژە یاسایەك بۆ ئەم مەبەستە کە دەسەڵات بدات بە بەکارهێنانی کۆدەکانی (ACI) بۆ کارە کۆنکریتیەکان، پرۆژەکە بەرزبکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنو پەسەند کردنیو دواتریش ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان بە ئومێدی بە یاساکردنی.
7. هەوڵدان بۆ دابین کردنی میزانیەو سەرچاوەیەکی دارایی بۆ ئیدامەی کارو چالاکیەکانی ئەم چاپتەرە لە هەرێمی کوردستان.

**تێبینی:** جێگای خۆیەتی ئەوەش ڕابگەیەنین کە هەموویان، سەرۆکو جێگرو ئەندامانی بۆردەکەو ستافی هاوکاریان بەگشتی، خۆبەخشانە وەك سەربازی وون کاریان لەم پرۆژەیەدا کردووەو بەردەوامیشن لەسەر کارەکەیان بە دڵسۆزیەوە بە ئومێدی ئەوەی خزمەتێك پێشکەش بە هەرێمی کوردستان بکەن.